کرێکارانی جیهان یەکگرن !

Toward Socialism

# بەرەو سۆشـــیالیـزم

بڵاوکراوەی حیزبی کۆمۆنیستیی کرێکاریی چەپی عێراق

45

www.socialismnow.org email_barawsocialism@yahoo.com ژمارە45 2008/10/1




بناغە ی سۆشیالیزم ئینسانە

سۆشیالیزم بزووتنەوەی

گەڕاندنەوەی ئیرادەی ئینسانە

# ڕوبەڕوبونەوەی نێوان ناسیۆنالزمی کورد و هێزەکانی حکومەتی مالکی هیچ پەیوەندیەکی نیە بە بەرژەوەندیەکانی جەماوەرەوە !

## سەبارەت بە قەیرانی نێوان حکومەتی مالیکی و حکومەتی کوردستان

قەیرانێك و کێشمەکێشێك کە ئیستا لە نێوان هێزە کۆنەپەرستە کانی ناو حکومەتی ناسیۆنالست ئیسلامی مالکی لەلایەك و حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ناسیۆنالزمی کوردی تیدا باڵا دەستە لەلایەکی ترەوە بەرهەمی بارو دۆخێکی گوزەراوە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خواستی ئەمریکا بۆ نۆرماڵیزەکردنی ئەوزاعەکە وکارکردی ئەمە لەسەر جیگاو رێگای گشت هێزە سیاسیەکانی سیناریۆی ڕەش کە ئەمەریکا لە دەسڵاتدا دایانی نا سەرنجامی جەنگ و داگیرکردنی عێراق لە 2003دا. ئەم قەیرانە تایبەتمەندیکانی ئەم ئەوزاعە گۆڕاوە و خواستی ئەمریکا بۆ داسەپاندنی دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی و حکومەتی مالیکی بەسەر گشت عێراق دا و لەوانەش کوردستان و ئاڵ و گۆڕی سیاسەتی ئەمەریکا لەبەرامبەر ناسیۆناڵزمی کورد پێشان دەدات. لەهەمان کاتدا توند بوونەوەی کێشمەکێش لەنێوان هێزە ئیسلامی و ناسیۆنالستەکان لەسەر کەرکوك و ئەوەی پێی دەوترێت بەند 24 و یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان و مادەی 140 و پاشان کێشەی خانەقین کە گەیشتە هەڕەشەی یەکاڵا کردنەوەی کێشەکە لەرێگای سەربازیەوە لە نێوان هێزەکانی مالکی و میلیشا چەکدارەکانی ناسیۆنالزمی کورد"پێمشمەرگە"، هاتنەخوارەوە و لەق بوونی جیگاو رێگای ناسیۆناڵزمی کورد لەلای ئەمەریکا پێشان دەدات.لەمیانەی ئەم کێشمەکێشە داو و پێشتریش کە دەوڵەتی ئەمەریکا دژ وەستانەوەی خۆی بۆ سەربەخۆی کوردستان پێشان داوە لەرێگای لایەنگری کردنیەوە بۆ حکومەتی مالیکی و ئەوەش دەزانێت سپاردنی کەرکوك بە ناسیۆناڵزمی کورد جیگاو رێگایان قایم دەکات سەبارەت بە و مەسەلەیە. ئەمڕۆ بۆ ئەمەریکا گرنگی نیە ئیعتبار و جیگاو رێگا تایبەت بدات بە ناسیۆناڵزمی کورد وەك چون بەدرێژای 17 ساڵی ڕابردوو بە وێنەی یەکیك لە گروپە پێشڕەوەکانی مەیدانی "دیموکراتیەت" بە دژی دوژمنانی ئەمەریکادا پێیانی دابوو. ئەمریکا سەرۆکایەتی دەوڵەتی عێراقی بەخشی بە ناسیۆنالیزمی کورد و جلال تاڵەبانی لەپاداشتی ئەو خزمەتانەی بە سیاسەتە ڕاست ڕەوەکانی بەدریژایی دەورەی ڕابردوو پێشکەشیان کرد. بەهیچ جوری ئیمکانی نەبوو ئەو جیگاو رێگایە بەدەست بیهێنن ئەگەر ئەو رۆڵەیان نەگێڕایە لە پاڵ پشت کردنی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە جەنگی کەنداوی یەکەم لە ساڵی 1991 تا دەگا بە داگیر کردنی عێراق لەساڵی 2003 دا. ئەمڕۆ پەردە لەسەر ئەو قۆناغە دادرایەوە وبارودۆخەکە چوەتە قۆناغێکی ناجێگیر و گۆڕاوەو کە لە میانەیدا ناسیۆناڵزمی کورد وردە وردە جێگاو رێگایان لە دەست دەدەن لەلای بورجوازی جیهانی و لەهەمان کاتیشدا ئیعتبارو بنکەی جەماوەریان لەناوکوردستان دا لەدەست داوەو تا پشتی پێ ببەستن کە ئەمە ناچاریان دەکات بە خۆکۆکردنەوە و چونە ناو قاوغەکەی خۆیان. لەهەمو ئەگەرەکاندا سەرنجامی ئەم قۆناغە گوزەرە هاو ئاهەنگی لەنێو بەرژەوەندیەکانی هیزەکانی سیناریۆی ڕەش پەیدا ناکات لە عیراق دا و ئەوە پیشان دەدات ئەم هێزانە بە تەواوی ئاسۆیان داخراوە............ بۆ ل2

# سەبارەت بە هستریای ئیسلامیەکان لە قوتابخانە تێکەڵاوەکان

ئسلامیەکان و حزبە کۆنەپەرستەکانیان چاویان هەڵنایە بە تەمەدون و قوتابخانەی هاوچەرخ، بەبزەو شادی منداڵان و مێردمنداڵانی کوردستان و بە موسیقا سەریان دێشی و بە زانست و پێشکەوتن هستریا دەیان گرێ. بۆیە بە دەست پێکردنی ساڵی تازەی خۆیندن و کردنەوەی قوتابخانە تیکڵاوەکان کەوتنە جم وجوڵ و چاوسوورکردنەوەو جوڵاندنی ئیحساساتی دواکەوتوانە و رزیوی ناو کۆمەڵگەو لە مزگەوت و لەو شوینانەی کە بووە بە حەشارگەیان دەستیان داوەتە چالاکی بۆ یاساغ کردنی قوتابخانە تێکڵاوەکان بەتایبەتی لە ناوچەی شارەزوور.

ئسلامی سیاسی لە کوردستان سەرەرای ئەوەی بی پایەگاو بێ ئێعتبارەو خەڵکی لێان بێزارن، بەڵام هەمیشە لە بۆسەدان بۆ جوڵاندنی ئیساساتی دواکەوتوانەی کۆمەڵگەو دەیانەوەی لە داب نەریت و ئایدیولوجیای دارزیو و ژەنگ هەڵگرتوو ئیستفادە بکەن و لە سەری دەلەوەڕێن. لەبەرابمبەر ژنان و کچان و یەکسانی ژن و پیاو، لە بەرامبەر موسیقاو هونەری پێشکەوتوو، لەبەرامبەر کتێب و نووسین و ئازادی قەڵەم، هەمیشە لە بۆسەدان دەیانەوی لێرەوە خۆیان بەسەر کۆمەڵگەی کوردستاندا داسەپێنن. ئەمجارەیان لەبەرامبەر خوتابخانە و خویندنی مۆدیرن و خوتابخانەی تیکڵاو دەیانەوی ژەهراو ببەخشێننەوە.

ناسیونالیزمی کورد سەرەڕای ئەوەی لەژێر کارکردی ڕادیکالیزمی کۆمەڵگەدا ملی داوە بە قوتابخانەی تیکەڵاو، بەڵام هەمیشە لەگەڵ کونەپەرستی ئیسلامی و ئیسلامی سیاسی دا دەستی تێکەڵەو........... بۆ ل4

## نابۆ یاسای دژی ئازادی

## ڕۆژنامەگەری



کاروان نەجمەدین

دوای نزیك بەساڵێك هەوڵدان بۆ بەیاسایی کردنەوەی سەرکوتی ئازادیی ڕادەربڕین لە کوردستان سەرەنجام ناو هۆڵی پەرلەمانی کوردستان بوە مەیدانی لەسێدارەدانی ئازادی و ، سەنگەری پاراستنی بیری خێڵەکی و ڕموزی دینی و، پەردەپۆشکردنی گەندەڵی و ڕاوڕوت و سەفەقاتی ژێربەژێری "کاربەدەستانی میری" و بەستنی زمان و قەڵەمی ڕۆژنامەوانان ، یاسایەك کە پەرلەمان پەسەندیکرد جگە لە یاسایەکی دژی ئازادی شتێکی دیکە نیە ، هەر ئەو یاسەیەبو کە لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە جێگەی نەفرەتی تەوای لایەنگرانی ئازادی بوو وە هەیە ، بەڵام پەرلەمانی ئەحزابی کۆنەپارێزی کوردستان نەك گوێی بۆ نارەزایەتی ئازادیخوازان نەگرت بەڵکو وەك پیشەی هەمیشەیان کەوتنە خۆڵکردنە چاوی ئەو ڕۆشنبیرە خۆشخەیاڵانەی کە فریوی سیناریۆیی ( تەعدیلات )ی یاساکەیان خواردبوو ، بەڵام نەتیجە تەعدیلات بو بە گۆڕینی (خولە ) بۆ (مەحمو) ، وە هەمو ئەو کۆتو بەندانەی لەو یاسایەدا لەدەستوپێی ئازادی ئاڵاوە وەکوخۆی ماوەتەوە ، بۆیە جێگەی نەفرەتە و ئازادیی ڕادەربڕین هەڵوێستی توند تر لەهەمو ئەو ئینسانانە دەخوازێت کە لەبەرانبەر ئەو یاسایەدا هاتبونەمەیدان ، وە بەئاگاهاتنەوەیەکیش لەو نوسەرو ڕۆژنامەنوسانەی لەجێی خواستی هەڵوەشاندنەوەی داوی دەستوپێی ئازادی بەدوای تەعدیلکردنیەوە بون ، ئێستاش دەتوانرێت دەورەیەکی دیکە لە هەڵسوڕن و یەکدەست تر بۆ بەدەست هێنانی ئازادیی و لەدەوری خواستی هەڵوەشاندنەوەی ئەویاسا دژی ئازادیەدا بەڕێبخەین کە بەهاکانی ئازادی لەژێرپێ دەنێت .


هەلومەرجی سیاسی عیراق – بەشی سێیەم ..ل3

هەڵسوڕانی ڕێکخستنی کەنەدای حککچع...ل4


بژی جمهوری سۆشیالستی


بەرەو سۆشـــیالیـزم سەرنوسەر : کاروان نجم الدین _ بەڕێوەبەری نوسین : ڕێبین فاروق

دووهەفتە جارێك دەردەچێت

## قەیرانی نێوان مالیکی و ...... پاشماوە

**به پێی ئەو ڕۆشنایانه :**

1) حزبمان به توندی هەر هێرشێك لەلایەن هێزەکانی مالیکیەوە بۆ سەر خەڵکی کوردستان مەحکوم دەکات. لەهەمان کاتدا، هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەك و کێشمەکێشێکی سەربازی کە لەوانەیە ڕووبدات لە نێوان ناسیۆنالزمی کورد و هێزەکانی حکومەتی مالیکی دا بەتوندی مەحکوم دەکات. ڕووبەڕووبوونەوەی ناسیۆنالزمی کورد و هێزەکانی حکومەتی مالیکی هیچ پەیوەندیەکی بە کیشەی قەومی کوردەوە و یان بە چەوسانەوەی قەومی کوردەوە و یا بە مەسەلەی مافی دیاری کردنی چارەنووسەوە، یا هەر بابەتێکی لەم جۆرەوە، نیە. ئەمە کێشمەکێشی نیو هێزە کۆنەپەرستەکانی سیناریۆی ڕەشە، هیچ پەیوەندیەکی نییە بە بەرژەوەندیکانی جەماوەرەوە.

2)ئەوزاعەکە بە هەرکەناڵێکدا تێبپەڕێت، بەجێگیر بوونی وەزعەکە لەبەرژەوەندی حکومەتی مالکی و لەشکرەکەی و گۆڕینی ناسیۆنالزمی کورد بە هێزیکی ملکەچ بۆ بەڕیوە بردنی کوردستان، یان ئالۆزبوونی باردۆخی ناجیگیرو بارگاویە پڕ کێشمەکێشەکان و بارگرژی و ئەگەری ڕووبەڕووبوونەی سەربازی لەسەر کەرکوك و خانەقین وشوێنەکانی تر، یا ئەمەریکا بکشێتەوە لە عێراق یان نەکشێتەوە، جمهوری ئیسلامی بێتە ناوەوە یان نا، سەرنجامەکەی لە هەموو ئەم بارووردۆخانەدا داواکاری و ئارەزوو و ئاواتەکانی جەماوەر ناهێنێتە دی، بە مانایەك مانەوەی تیکەو لێکە و بێتواناى تەواوی برجوازی و ناکام مانەوەی لە دۆزینەوەی هەر ڕێگاچارەیەك بۆ ئەوزاعەکەو دەرچوونی کۆمەڵگە لە بنبەستێك و کارەساتێك کە کۆمەڵگەیان تێ خستووە .

3)حزبمان پێشتر هەڵوێستی خۆی لەسەر ئەوزاعی کوردستان به جیابوونەوەی کوردستان دەربڕیوە و ئەمڕۆ لەمیانەی ئەم قۆناغە گوزەرەی ئێستاو باردۆخەکەیدا لەسەر جیابوونەوی کوردستان و خەبات و تێکۆشانی خۆیٚ بۆ بەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی جەماوەری بەم ئاقارەدا بۆ کۆتایی هینانی ئەم بارە تیکچوو و ناجێگیر و سەنگەر لێدانە قەومی و ڕق و کینە و دوورخستنەوەی تارمایی شەڕ و ڕووبەڕوو بوونەوەی هیزەکۆنەپەرستەکان تەئکید دەکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە داوای ڕێکخستنی ڕاپرسیەکی گشتی دەکات لە کوردستان ( ریفراندۆم) سەبارەت بە سەربەخۆی کوردستان وەرگرتنی ڕەئی جەماوەر لەم بارەیەوە و لەهەمان کاتدا خەڵکی هاندەدات بۆ ئەوەی دەنگ بدەن بە جیابوونەوە. لە کوردستاندا حزبمان تێدەکۆشی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتیکی سیکولاری غەیرە دینی و غەیرە قەومی کە تەحقیق دەبێت لە ڕێگای حکومەتیکی سۆشیالستیەوە.

4) ئەو شوێنانەی وەك ( کەرکوك و خانەقین و شەنگار و دوزخرماتوو وشوێنەکانی ترن) کە لە نێوان هێزە قەومیەکاندا کێشەیان لەسەرە، دەبیٚ بەشیٚ بن لەو ناوچانەی کە دەنگدانی گشتی بۆ جیایی کوردستان دەیانگرێتەوە. حزبمان بانگەوازی جەماوەری ئەم ناوچانە دەکات بۆ بەشداری لە دەنگداندا و ڕایاندەسپێریٚ کە دەنگ بە جیابوونەوەی کوردستان بدەن.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق**

**21 ئەیلول 2008**

## هەلو مرجی سیاسی عیراق .. پاشماوە

**-ڕۆڵی جمهوری ئیسلامی**

ڕۆڵ و دەخالەتی جمهوری ئیسلامی شتێک نیە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و سەلماندن بێت . جمهوری ئیسلامی تەنها ئەو پروپاگەندەیە ڕەد دەکاتەوە کە دەستی هەبیٚ لە مەشق پیٚ کردنی تیرۆریستان و ناردنی بۆمب وچەک و شتی لەو بابەتانە ئەگینا ئەم رژێمە ئەوە ناشارێتەوە کە پشتیوانی دەکا لە گروپە ئیسلامیە شیعەکان بەڵکو ئەوانە بە پایەی خۆی دەبینێتەوە لە بەرانبەر ئەمەریکادا . شتی سەیر ئەوەیە کە ساڵی پار چەندین جار بەرپرسیارانی ئێران و ئەمەریکا لە عێراقدا دانوستانیان کرد و بەرپرسیارانی عێراقیش لەگەڵیان بوون خاڵی سەرەکی دانوستانەکان مەسەلەی بارودۆخی ناوخۆیی عێراق و مەسەلەی ئەمنیەت بووا! ئەمەریکا وەک داگیر کەر و ئێرانیش وەک دراوسیٚ ی عێراق گفتوگۆ دەکەن لە سەر ئەمنیەت لە عێراقدا بەو دەلیلەی جمهوری ئیسلامی هاوپشتی گروپە ئیسلامیەکانی عێراقە وە فاکتەرێکە بۆ نائەمن کردنی عێراق . لە دەورەی دووەمی دانوستانەکاندا کە لە مانگی 5-6ی 2007دا لە بەغدا ئەنجام درا لە نێوان ئێران ئەمەریکادا لە کاتێکا بوو کە چەند مانگی پێش ئەوە راگەیاندنەکانیش قسەیان لە سەر ئەکرد ئەوە بوو گروپی موقتەدا صەدر چالاکی زۆریان نەمابوو تەنانەت جەلال تالەبانی ئەمەی بە لاواز بوونی ئەم گروپە ناو برد سەرەنجام لە مانگی هەشتی 2007 موقتەدا صەدر بریاری شەڕ ڕاگرتنی دەرکرد وە داوای کرد هێزە چەکدارەکانیان پەلاماری هێزەکانی عێراق و ئەمەریکا نەدەن . ئەم شەڕ ڕاگرتنە لە مانگی 2ی ئەمساڵدا دیسانەوە درێژ کرایەوە ، بەڵام لە پاش پەلاماردانی شارۆچکەی صەدر و بەصرە لەلایەن هێزەکانی عێراق و ئەمەریکاوە لە مانگی 3 ئەمساڵدا بارو دۆخەکە گۆڕا . گەرچی هێزەکانی القاعیدە لە دەوروبەری نیوەی دووەمی ساڵی 2007 دا دەستیان کردبووەوە بە کاری تیرۆریستی و تەقینەوە بەلام دابەزینی چالاکیە تیرۆریستیەکانی قاعیدە لەو دوایانەدا لە لایەن ئەمەریکاوە بەئیجابی نیشاندرا وە هۆی ئەوە دەگەرینێتەوە بۆ زیاد کردنی ژمارەی سوپاکەی لە عێراقداوە بە دوو دەلیل چالاکی قاعیدە کز بوو ئەویش شەر راگرتنی موقتەدا صەدر و هاتنە مەیدانی ئەنجومەنەکانی الصحوە کە پێشترلە بەشی یەکەمدا باسم لێوە کرد. سەرکردەکانی ئەمەریکاش لە سەر ئەوە تاکیدیان کردەوە کە ئارام بوونەوەی بارودۆخەکە لە عێراقدا دەگەرێتەوە بۆ شەڕ راگرتنەکەی موقتدا صەدر . هاتنی احمدی نەژاد پاش 10رۆژ لە شەر راگرتنەکەی موقتەدا صەدر لە مانگی 3 ی ئەمساڵدا بوو . سەیر ئەوەیە لە پەیوەند بە پەیوەندی موقتەدا صەدرو جمهوری ئیسلام هەیئەتێک لە ئیئتلافی یەکپارچەی عێراق لە کۆتایی مانگی 4 دا سەردانی ئێران دەکەن و داوا لە جمهوری ئیسلامی ئێران دەکەن کە ڕێگا نەدا لایەنگرانی صەدر چالاکی سەربازی ئەنجام بدەن .ئەم هەیئەتە لە 5 کەس پێک هاتبوو کە نوێنەرانی مجلیس ئەعلاو حیزب الدعوەو گروپە شیعەکانی تر بوون لە کاتێکا ئەمانە هەموو بۆ خۆشیان دۆستی جمهوری ئیسلامی ئێرانن . سامی عەسکەری کە جێگری دووەمی سەرۆک پەرلەمانی عێراقە بە هەوالنێری رۆیتەری ووتبوو : ئامانج لەو سەردانە بۆ ئێران ئەوە بووە کە جمهوری ئیسلامی ئێران چیتر کۆمەکی سوپای مەهدی نەکا وپشتیوانی بکا لە دەوڵەتی نوری مالیکی و لە هەوڵی پاراستنی ئارامیدا بیٚ لە عێراقدا . گروپی صەدر ئەم سەردانەیان مەحکوم کرد رایانگەیاند کە ئامانجی ئیئتلافی دەسەلاتدار لە عێراقدا لەو سەردانەیاندا بۆ ئێران ئەوەیە بەر بگرن بە بزووتنەوەی صەدر کە گوایا سەرچاوەکەی لە ئێرانە وە رێگا چارەی گرفتی حکومەتی عێراق لە گەل ئەم بزووتنەوەیە لە ئێراندایە .ئەمان ووتیان: عەلی ئەدیب کە ئەندامی بە ئۆتۆریتەی (حیزبی الدعوە)یە وە ئەندامی هەیئەتەکەیە "سەر تائێسقانی ئێرانیە" وە هادی عامری ( فەرماندەی پێشووی سوپای بەدری مجلیس ئەعلا )بوو کە یەکیٚ ترە لە ئەندامانی هەیئەتەکە :سەرکردەی پێشووی سوپای پاسداران بووە ". هەوالنێری ئاسۆشیتدپریس لەدەمی یەکیٚ لە ئەندمانی هەیئتەکە ووتی : ئەم هەیئەتە لەگەل قاسم سلیمانی ، فەرماندەی سوپای قودسی سەر بە پاسدارانی ئێران دانیشتنیان کردوە بە پێی هەندیٚ بەڵگە و قسەی ئەم فەرماندەیە دەرکەوتووە کە سوپای قودس یارمەتی دەری سوپای مەهدیە بۆیە داوایان لیٚ ی کرد ئەم یارمەتیە راگریٚ . لە هەفتەی یەکەمی مانگی 4ی ئەمسالدا محمد علی موهتەدی ، لێکۆلەرەوەی مەسەلەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست لە کۆلێجی پەیوەندیەکانی نێونەتەوەیی وەزارەتی دەرەوەی ئێران وتبووی : موقتەدا صەدر ئێستا لە ئێرانە وخەریکی خوێندنەو لە رێگای ئەو کەسانەی پەیوەندی پێیانەوە هەیە رابەری بزووتنەوەکەی دەکا. رۆڵی جمهوری ئیسلامی ئێران لە عێراقدا ئاڵۆزەو شێوەی جۆربەجۆری هەیە .پەیوەندیەک هەیە لە رێگای دوو گروپی وەک حیزب الدعوە و مجلیس ئەعلای ئیسلامیەوە کە ئەمانە زیاتر لە 20 ساڵ لە ئێراندا ژیاون و (سوپای بەدر)ی سەر بە مجلیس ئەعلاش لەلایەن سوپای پاسدارانەوە دروست کراوە . لەلایەکی ترەوە پەیوەندیەک هەیە لە رێگای چەندین کۆر وکۆمەڵی جیاوازی حکومەتی ئیسلامیەوە لە ناو باڵە جیا جیاکانی رژێم و ئایەتولاکان و سوپای پاسداران لە گەل کۆر وکۆمەڵ و کەسایەتی جیاجیای هەمان ئەو گروپە ئیسلامیانەی عێراق ، لەم جۆرە پەیوەندیانەیان هەیە . بەو مانایە پایەی رژێمی ئیسلامی لە عێراقدا لە ناو باڵە ئیسلامیەکاندا هەیە، ئەوە پەیوەندیەکی سادە و یەکسان نیە . لەلایەک موقتەدا صەدر کە لە پەیرەوانی کاظم حائری یەو پەیوندیەکی ژێر بەژێری لەگەل حکومەتدا هەیە لە لایەکی تر پەیوەندیەکی تر هەیە لە رێگای فەرماندەی سۆپای پاسدارانی پێشووی ئێران کە ئێستا لە سەرکردە دەسەڵاتدارەکانی عێراقە و لە لایەکی ترەوە سەرکردەکانی مجلیس ئەعلاو حیزبی دەعوە بە کۆرو مەحفلەکانی جمهوری ئیسلامیەوە پەیوەندیان هەیە . ئیئتلافی یەکگرتووی عێراق کە لە حیزبە شیعەکان دروست بووە بۆ پاراستنی دەسەلاتەکەیان لە لایەک هاوپەیمانی ئەمەریکان ولەلایەکی ترەوە پەیوەندیەکی ژێربەژێریان هەیە لەگەڵ جمهوری ئیسلامی ئێران. جمهوری ئیسلامی بودجەیەکی خەیاڵی سەرف دەکا لە عێراق و لوبنان و فەلەستین تا جیٚ پیٚ ی خۆی قایم بکا لەو شوێنانەدا وە تا لە بەرانبەر ئەمریکادا پایەی خۆی هەبیٚ. بەڵام با لەوە گەڕێین جمهوری ئیسلامی ناتوانیٚ دەردی خۆی بیمار بکا بە هۆی بوونی ئەو بزووتنەوە بە هێزو چەپەی لە ناوخۆدا بۆ رووخانی رژیم لە ئارادایە ئەو بزووتنەوەیە لەدژی هەردوولا چ ئیسلامی سیاسی و چ ئەمەریکا بەڕی کەوتوە. لە باری سیاسییەوە چ ئەمریکا و چ ئیسلامی سیاسی هەردوولایان شکستییان خواردوە . نە ئەمەریکا لە ناو خەلکی عێراق دا ئیعتبار و لایەنگری هەیە نە جمهوری ئیسلامی . ئەوەی پەیوەندە بە ئەمەریکاوە هەیە جگەلە هەندیٚ باندی ئیسلامی کەکابوسن بەسەر سەری کۆمەڵگاوە و دۆستن لە گەلیدا ، خەلکی عێراق ژیانی خۆیان بینیوە چۆنە لە سایەی ئەمەریکادا بۆیە ئەمەریکاش بۆیان جێگای نەفرەت و بێزاریە ، ئەم راستیە دەکریٚ لە چاوی ئەو مندالەوە ببینریٚ کاتیٚ سەربازێکی ئەمەریکایی دەچیٚ بۆ قوتابخانەکەیان دەیداتە بەر بەرد و بە بەرد باران پێشوازی لیٚ دەکا . ئەو منداله داماوە بە داخەوە دوایی کەوتە ژێر شەق و لەقەی سەربازەکە. کردەوکانی باندە ئیسلامییەکان لە بەرچاوی خەلکی عێراقە ، پارچە پارچە بوونی هەر رۆژەی ئینسانەکان بە هۆی تەقینەوەکان و ئاسایی بوونی کوشتن و فراندن و دەستدرێژی بۆ سەر ژنان لە لایەن گروپە تیرۆریستە ئیسلامیەکان کە هەروەک باوە دەڵین ئەمانە کاری رۆتینیانە ، گۆڕینی عێراق بە دۆزەخی ژنان کە ژیانیان لە خراپیدا باس ناکریٚ ، دواتر هەژاری و کوێرەوەری خەلکی ناچار کردوە ببنە سەرباز و گیانیان ببخەشن بە گروپەکان، سەرجەم ئەمانە چەند گۆشەیەکن لە دەسەلاتی باندە ئیسلامیەکان لە عێراقدا بەسەر ژیانی خەڵکەوە ، خەڵک ئەوە دەزانن کە مەسئولیاتی ئەم بارودۆخە لە ئەستۆی ئەم رەوتە ئسلامیانەیە. ئەوەی کە پەیوەندە بە هێزی جمهوری ئیسلامی لە عێراقدا هیچ شتیٚ نیە جگەلە بوونی پایەی ئەو رژێمە لەناو چەند باندێکی چەقۆکێشی ئیسلامیدا کە ساڵانێکی دوورو درێژ بوو خۆی پەروەردەی کردبوون وە ئەم دۆزەخەشیان ئێستا بۆ خەڵکی دروست کردوە وە بەشێکی تری ئەم باندانە بە پارە وپوول گیانی خەلکیان کڕیوە ........ **درێژەی هەیە**.

**تێبینی وەرگێڕ : ئەم نوسراوە لە بڵاوکراوەی ئەنتەرناسیۆنالی ژمارە 244 دا به فارسی چاپ کراوە .**

**دەبێت ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەعیراق دەستبەجێ بچنەدەرەوە ومیلشیا ئیسلامی و قەومیەکان هەڵبوەشێنەوە**

# هەلومەرجی سیاسی عیراق

نوسینی : فاتیح بەهرامی

وەرگێڕانی لە فارسیەوە : سەردار عەبدوڵاحەمە



فاتیح بەهرامی

## بـــەشـــی ســـیـــێـــەم

## 4- حیزبەکانی تر

کورتە باسێک لە سەر هەموو حیزبەکانی تری ناو کێشمەکێشەکانی عێراق خراپ نیە . لە راستیدا لەکاتی هەلبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا لە مانگی دوانزەی سالی 2005 دا 307 حیزب و19 ئیئتلافی سیاسی بەشداریان کرد و کاندید بوون بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق کە ئەمانە لە چەندین گروپی دینی و قەومی پێک هاتوون . وە زۆربەی ئەمانە حیزب وتاقمی بچوکن .وە بەدەر لەمانەو لە دەرەوەی پەرلەماندا چەندین تاقم و گروپی تیرۆریستی تر هەن " کوێرانە " خەلک دەکوژن و خەلک سەر دەرپرن ئەمانە زیاتر لە باندەکانی شیعە وسوونە پێک هاتوون یا سەر بەقاعیدەن یا چەند گروپێکی وەک " جوند السما و انصار ئیسلام" ن یا ئەو گروپانەن کە لە تاقمەکەی موقتەدا صەدر جیابوونەتەوە .لەو سێ خاڵەی پێشودا کە باسمان کرد مجلیس اعلا وحیزبی الدعوە دوو حیزبی گەورەی شیعەن کە لە هاوپەیمانی یەکگرتوی عیراقدان و لە پەرلەماندان ، موقتەدا صەدر وەک یەکێ لە تاقمە یاریچیەکان لە عێراقدا سەرەرای چالاکی سەربازیان لە سوپای مەهدیدا ولە مەیدانی جەنگدا لە ناو پەرلەمان وکابینەی حکومەتیشدان هەرچەندە چەندین جار لە کاتی جیاوازا لە پەرلەمان و لە کابینەشدا هاتوونەتە دەرەوە دووبارە گەراونەتەوە یا هەندی جار هەرەشەی چوونە دەرەوەیان کردوە.

لێرەدا بە کورتی دەچینە سەر چەندین حیزب و گروپی سیاسی تر کە بەشدارن لە پەرلەمان و حکومەتدا ."حیزبی ئیسلامی عێراق " گەورەترین حیزبی ئیسلامی سوونیە ،طارق هاشمی جێگری سەرۆک کۆمار ( واتە جێگری جەلال تالەبانی) سەرۆکی ئەو حیزبەیە . ئەم حیزبە یەکێکە لە ئەندامانی بەرەی تەوافق "جبهة التوافق "کە هاوپەیمانیەکی سوونیەکانە لە ناو پەرلەماندا .لە بەر رۆڵی ئەمانە لە بارودۆخی عێراق و وە لە بەر کەمایەتی بوونیان لە چاو حیزبە شیعەکاندا بۆ ئەمریکا وحیزبە شیعەکان و حکومەت گرنگی تایبەتیان هەیە کە هەمیشەویستویانە رازیان بکەن تا ئێستا بۆیان نەکراوە ، یەکێ لە کێشە گرنگەکانیان مسەلەی دەستورە . کۆمەڵی دیموکراتە سەربەخۆکانی عێراق " جمعية الديموقراطيين العراقين الحرة " وحیزبی دیموکراتی نیشتمانی عێراق " الحزب الديموقراطى الوطنى العراقى " دوو حیزبی تری ئیسلامی سوونەن .

لە ئیئتلافە گرنگەکانی تری ناو پەرلەمان وکابینەی حکومەتیدا دوو حیزبی سەرەکی ناسیونالیستی کورد هەن ئەوانیش " یەکێتی نیشتمانی کوردستان " و " پارتی دیموکراتی کوردستنان "ن . جەلال تالەبانی سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەرۆک کۆماری عێراقە و مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە . دەربارەی ئەم دوو حیزبە و جێگا ورێگای حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵدەگرین بۆ کاتێکی تر .

یەکێ تر لەو حیزبانەی کە بەشدارە لە سیاسەتی عێراقدا حیزبی " وفاق وطنى"یە بە رابەری ئەیاد عەلاوی کە خۆی بە یەکێ لە سکۆلاریستەکانی عێراق دەزانێ وە یەکێکە لەو لایەنانەی جێگای پشتیوانی ئەمەریکا بێ. ئەیاد علاوی جێگای نیگەرانی هەندێ لە گروپە ئیسلامیەکانە ،لە کاتی سەردانیدا بۆ سەر گۆری "على " لە نەجەف بە چەقۆ پەلاماریان دا. لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا ئەیاد عەلاوی رابەری ئیئتلافێک بوو بەناوی "فهرست العراقية" کە هاوپەیمانیەکە پێک هاتووە لە چەند کەسایەتی "سکۆلار" و چەند گروپێکی دینی .ئەیاد عەلاوی یەکێ لەو کەسانەیە دژی بەرژەوندی جمهوری ئیسلامی ئێرانە لە عێراقدا هەر بۆیە لای ئیسلامیە سونیەکان جێگا و ڕێگایەکی پەسەند کراوی هەیە .ئەیاد عەلاوی یەکەمین سەرۆکی وەزیر بوو لە پاش رووخانی صەدام .

"کۆنگرەی نیشتمانی عێراق " بە رابەری احمد چەلەبی بە یارمەتی ئەمەریکا لە ساڵی 1993 دا دامەزراوە . احمد چەلەبی لەگەل سەد کەسی تر لە ئەندامانی حیزبەکەی لە لایەن ئەمەریکاوە بۆ عێراق نێردرانەوە .احمد چەلەبی چەندین پۆستی وەرگرتووە لەوانە سەرۆکی ئەنجومەنی حکومەتی کە ئەندامەکانی لە لایەن ئەمەریکاوە دانرابوون و ماوەیەک جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری نەوت بوو .پەیوەندی نێوان چەلەبی وئەمەریکا تێک چوو لە بەر ئەوەی چەلەبی لە لایەن ئەمەریکاوە بەوە تاونبار کرا کە گوایە زانیاری داوە بە جمهوری ئیسلامی ئێران لە کاتێکا هەردوولا واتە چەلەبی و جمهوری ئیسلامی ئێرانیش ئەمەیان رەد کردوەتەوە ووتیانە شتی وا راست نیە .

## 5- پەڕلەمان و حکومەت

پەرلەمان(ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق ) کە بەدوای هەلبژاردنی مانگی دوانزەی 2005 دا دامەزرا 275 نوێنەری تێدایە . سەرەنجامی ئەو هەڵبژاردنە و کورسیەکانی بەم شێوەیە دیاری کراوە : هاوپەیمانی یەکگرتووی عێراق 128 کورسی،هاوپەیمانی کوردستانی عێراق 53 کورسی ، جەبهەی تەوافق 44 کورسی ،الفهرست العراقية (هاوپەیمانەکەی ئەیاد عەلاوی ) 25 کورسی ، هاوپەیمانەکانی تر 25 کورسی . لەو هەڵبژاردنەدا تاقمەکەی موقتەدا صەدر لە گەڵ هاوپەیمانی یەکگرتووی عێراق خۆی هەلبژارد کە 32 کورسیان بەر کەوتووە .

پاش کۆتایی هاتنی هەلبژاردنی پەرلەمان نزیکەی سێ مانگ لە نێوان حیزبەکاندا کێبەرکێ هەبوو بۆ دیاری کردنی سەرۆکی وەزیران تا سەرەنجام لە مانگی چواری 2006 دا جەواد (نوری ) مالیکی وەک سەرۆک وەزیر دیاری کرا لە لایەن پەرلەمانەوە و جەلال تالەبانیش مالیکی راسپارد کە حکومەتەکەی پێک بهێنی . بریار بوو مالیکی ناکۆکیەکانی نێوان گروپە ئیسلامیەکان کۆتایی پێ بێنێ و ئاشتەوانی گشتی" دامەزرێنێ . بەڵام لە ماوەی دوو ساڵی رابوردودا لە کاتی دەسەلاتی مالیکیدا نەک هەر ئینسان فراندن وتەقینەوە وکوشت و کوشتار هەر رۆژە بەردەوام بووە لە نێو کوچەو کۆلانەکانی شارەکانی عێراقدا بەلکو ئەم حکومەتە خۆی رەنگدانەوەو هاندەری زیاتری ناکۆکیەکان بووە لە نێوان ئەو گروپ و تاقمانەی کە بە دوای هاتنی ئەمەریکا بۆ عێراق سەریان هەلداوە ، سەرەرای فشاری ئەمەریکا و ئامۆژگاریەکانی ئایەتوڵاکان تازە ئەم ناکۆکیانە سەرەرای سازش و چەندین رێکەوتنامە هێشتا هەرماون بە ئەنجامێکی باش نەگەیشتوون . ژمارەیەکی زۆر لە کابینەکەی مالیکی یا ئیستیقالەیان داوە یا بەردەوام هەرەشەی ئیستیقالە دەکەن و لە هەندێ حالەتدا پاش سازشکردن دەگەرێنەوە . لە ئێستادا 6 وەزیری سەر بە موقتدا صەدر ئیستیقالەیان داوە. 6 وەزیری سوونە سەر بە جەبهەی تەوافوق چوونەتە دەرەوە لەو کابینەیە ، 5 وەزیری سەر بە تاقمی عەلاوی کابینەیان بایکۆت کردوە ، ئەندامانی تر کە ماونەتەوە لە پەرلەماندا سەر بە ئیئتلافی شیعە و ئیئتلافی کوردستانە. مالیکی نەیتوانیوە ئەو ئامانجانەی ئەمەریکا بە دواوەیەتی بە دی بهێنێ و لەم حالەتەدا ناچار بە پشتیوانی هێزی سوپای ئەمەریکا بۆ گەرانەوەی ئەمنیەت بۆ عێراق لە ریگای سەربازیەوە دەستی کردوە بە هەلمەتەکانی خۆی .هەر گروپ و تاقمێک کە لە دەولەتدایە خاوەنی میلیشیای چەکداری خۆیەتی کە بە ئاشکرا بێ یا بە نهێنی رۆڵی خۆیان دەبینن ، لە باشترین حاڵدا هەندێ لەم گروپانە بە شێوەیەکی رەسمی چەکیان داناوە و ملیشیاکەیان بەرگی سوپایان پۆشیوە لەم ریزەدا خزمەت دەکەن و هەندێکی تریان خۆیان دەرناخەن چونکە ئەبێ هێزێکی سیاسی ناو پەرلەمان بن . لەم نێوەدا موقتەدا صەدر ملی نەداوە بەم چەک دانانە بۆیە ئێستا فشارەکە زیاتر لە سەر ئەوە . هەر کاتێ رێساکان تێک بچن و ئیئتلافەکان هەڵوەشێنەوە هەموو ئەو هێزە میلیشیانەی هەر لە سوپای بەدرەوە بگرە تا حیزبی دعوە و تا گروپەکانی جەبهەی تەوافوق وئەوانی تر وەک تاقمەکەی موقتەدا صەدر و تۆڕەکانی جارانیان ......

بۆ ل2

ئازادی یەکسانی حکومەتی کرێکاری

## هستریای ئیسلامیەکان ... پاشماوە

خەڵك لە دەرگاوە ئیسلامیکان وەدەر دەنێن ئەوان لە پەنجەرەوە دیانهێننە سەر سنگی کۆمەلگەو جیگا و ڕێگا و تریبونیان دەدەنە دەست.

پیادەکردنی خوتابخانەی تێکەڵاو مەنهەجی خوێندنی پێشکەوتەو مودرین و سیکۆلار و جیای دین لە پەروەردەو فێرکردن کاری سۆشیالست و سیکولار و ئینسانە ئازیدیخواز و یەکسانی خواز و موتەمەدینەکانەو ئەرك وەزیفەی ئەوانە بەوان دەکرێت، بۆ دیفاع لە قوتابخانەی تیکەڵاو وەستانەوە بە ڕووی جیاکردنەوەی کوراٍن و کچان لە قوتابخانەکان و لە بواری پەروەردەو فێرکردن پێویستە سەرجەم ئازادیخوازان هەڵبخرینێت و بێنەمەیدان.

خەڵکی ئازادی خوازی کوردستان و دایکان باوکان!

ڕێگا مەدەن ئیسلامیەکان و حیزبە کۆنەپەرستەکانیان ژیانی منداڵی و لاوێتی منداڵەکانتان بکەنە دۆزەخ، ڕێگە مەدەن بە بڵاوکردنەوەی هیچ ئەفکارو ئەخلاقیاتیکی دارزیو لەمپەر لەبەردەم پێشکەوتن و شارستانیەت دروست بکەن. لە کوردستان "نێرو مێی هەردوو بەجووتە" هەمیشە لە هەموو بوارەکاندا، لەخۆشی و ناخۆشی و لەخەبات و تێکوشان و لە کارو لە خوێندن پێکەوە بوون، هەروەها خویندنی تیکەڵاو دەستکەوتی بەشەریەتی سەردەمە و دەبێ بە هەموو توانایەك دیفاعی لێ بکەین، بۆیە دەبێ وەڵامی ددان شکێن بەم خرفاوەنەی سەردەم بدەنەوە. بە هەرشێوەیەك کەبۆتان دەکرێت لە دژیان ڕاٍبوەستن.

**بەڵێ بۆ قوتابخانەی تێکڵاو وشادی و خەندەی خوێندکاران**

**نا بۆ کۆنەپەرستی ئیسلامی**

**بژی سۆشیالزم**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چە پی عێراق**

24 ئەیلول 2008

## هەڵسوڕانی ڕێکخستنەکانی کەنەدای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی چە پی عیراق بۆ وەستانەوە دژی سەرکوت و ئیعدامی ئازادیخوازانی ئیرا!

لە سەر بانگەوازی ڕێکخراوی "خاوەران " کە ڕێکخروێکی جەماوەری ئێرانیە لەدەرەوەی وولات بۆ دیفاع لە ئازادی زیندانیانی سیاسی و هەلوەشاندنەوەی سزای ئیعدام و ئازادی بێ قیدو شەرتی سیاسی لە ئێران و بە داداگایی کێشانی سەرانی حکومەتی ئیسلامی و رووخانی ئەم حکومەتەو دامەزراندنی سۆسیالیزم دامەزراوە .ڕێکخستنی کەنەدای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق (حککچع)هەلسوراونە بەشداری ئەم خۆپیشاندان ونارەزیەتیەی کرد کەلەبەردەم سەفارەتی ئێران دەستی پێ کردو پاشان بە ناو شاری ئۆتاوای پایەتەختی کەنەدا بەرێ کەوتن بەرەو بینای پەرلەمانی ئەم وولاتە .

خۆپیشاندەران بۆماوەی دوو سەعات لە بەردەم سەفارەتی ئیراندا کۆبونەوە جگە لە شیعاردانی وەک (زیندانیانی سیاسی دەبی دەستبەجێ ئازادبکرێن )و (سەفارەتی تیرۆریستی ئیسلامی دەبێ دابخرێ ) و(سزای ئیعدام دەبێ هەلوەشێتەوە )و (مەرگ بۆ جمهوری ئیسلامی بژی سۆسیالیسم)...هتد،نوێنەری چەندین سەندیکای کرێکاری و ریکخراوەی ژنان و گروپ وئەحزابی سیاسی ووتەی خۆیاندا لەوانە ؛ سەندیکای سەراسەری کریکارانی پۆستی کەندا و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق(حککچع) .( سەردار عەبوللا حەمە ) پەیامی پشتیوانی و ووتەی (حککچع) پێشکەش کرد لە یەکێ لە وتەکانیدا ووتی : (ئێمە تا سەر خۆمان بە هاوخەبات وپشتیوانی خەلکی ئازادی خوازی ئێران دەزانین بۆ رووخانی جمهوری ئیسلامی ئێران ) وە ووتی : (جمهوری ئیسلامی هەر بەوە تاوانبار نیە کە خەلکی ئێران قەتل و عام دەکا یا ئیعدام و زیندانی وئەشکەنجەیان دەکا بەلکو ئەم رژیمە بکوژی خەلکی عێراقیشە بە کۆمەک کردنی گروپە تیرۆریستە ئیسلامیەکان هەر بۆیە ئەم رژیمە تاوانبارە لە بەرانبەر هەموو خەلکی ناوچەکەدا دەبێ ئەم بەربەریانەی ئیسلامی سیاسی نەمێنن سەفارەتیشیان دابخرێ).







خۆپیشاندەران بە شەقامی سەرەکی ناو شاری ئۆتاوا بەرەو پەرلەمانی کەنەدا بەرێ کەوتن بەهەلکردنی دەیان لافیتەی سوور و پلاکاردی حیزبەکان یەکێ لهو لافیتانە لافیتەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق (حککچع )بوو. لە بەردەم پەرلەمانیشدا خەلکەکە بۆ ماوەی سەعاتێک مانەوە زۆر بەو ناوەدا ئیحساسی پشتیوانیان نیشاندا پاشان بریار نامەی ڕێکخراوەی "خاوەران" بە زمانی ئینگلیزی لە لایەن جەمشیدەوە خوێنرایەوە کە داواکاریەکان خستبوە روو . بە سروودی ئنتەرناسینال کۆتایی بە خۆپیشاندانەکە هات .

**بەرەوسۆشیالیزم بخوێننەوە بەدەستی هاوڕێ و ئاشناکانتانی بگەیەنن کۆمەکی پێبکەن تا هەرچی زوتر بەرەو سۆشیالزم هەنگاو بنێین**

**ماڵپەرە گرنگەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری**

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چە پی عێراق**

www.socialismnow.org

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران**

www.wpiran.org

**کۆمیتەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران**

www.iskraa.org

**سایتی مەنصور حیکمەت**

www.m-hikmat.com

**ناونیشانی پەخشی کەناڵی ئاسمانی**

**سکیولار tv**

هۆت بێرد 8 کەناڵی ئاسمانی : کەناڵی جدید

بە لەرەلەری 12303 میگاهێرت سیمبلڕایتی 27500 ئێف ئی سی 4¥3 پولاریزاسیون ستونی....تەلەفون: 0014168586974

EMAIL:seculartv@gmail.com

سکیولار تیڤی هەموو ڕۆژێك لە کاتژمێر 30ێ 4 پاشنیوەڕۆ تا 30ێ 5 پاشتیوەڕۆ بەرنامەکانی بلاّو دەکاتەوە و لە ڕۆژی دواتر لە کتژمێر 6 تا 7 ی سەرلەبەیانی هەمان بەرنامەکانی دوبارە دەبێتەوە. وە لەسەر هەمان ناونیشانی سەرەوە دەتوانن تەلەفزیۆنی ئەنتەرناسیۆناڵ بەزمانی فارسی و تەلەفزیۆنی ئیسکرا بەزمانی کوردی چاو لێبکەن.

**جیابونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ**